ئەو ووشەیەی ئەمرۆ لەهەموو شتێک زیاتر بەکاری دەهێنین .



* خالید هەرکی *

وتەیەکی نەستەق هەیە راستیەکەی بەدروستی نازانم هی کێ وهی چ نەتەوەیەکە دەلێ ( مالی بەرەللا کراو ، خەلک فێری دزی دەکات) .

سەرتاپای دونیا بگەرێیت بەهەمو سیستەم ونەتەوە یەکەوە و بەهەمو ئاستە پێشکەوتو ودواکەوتوە کانەوە و بەهەمو بڕواو ئاینەکانیشەوە ، لەهیچ شوێنێک ئەوە بەدی ناکەیت کە ئاستی وشیاریی خەلکەکە سەرتاپای چین و توێژەکانی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە تێکڕای خەلک بەگشتی هەست بەهەمو لێپرسینەوە یەک بکەن ، ئەگەر لەژێرەوە یاسایەک بەرێوەیان نەبا و لە سەرەوەش دەسەلاتێکیان بەسەرەوە نەبیت ، ئەم یاسایەش دەبێ ماف وئەرک لەلایەک ، پاداشت وسزاش لەلایەک بەخۆوە بگرێت دەسەلاتێش دەبێ دەسەلاتی گەل و بێ جیاوازی بێت، ئەم چوار کوچکەیە و دو کۆلەکەیە لە وردکردنەوە و پراکتیزە کردنیان هەمو لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەلک دەگرێتەوە هەر یەک لەم چوارکوچکە وکۆلەکانە ش بونی نەبێ یا لاوازیەکەی لە سنور دەرچو بێ پارسەنگی ژیان تێک دەدا دەسەلات لاوازدەبێ سامان و سەرووت بەهەدەر دەروا لە کۆتاییشدا دادپەروەریی کۆمەلایەتی بونی نابێ ، بە نەبونی ئەمیش مەترسیی لەسەرئاسایشی نەتەوایەتی و قەوارەی دەولەتیش پەیدا دەبێ .

ئەم رۆژ لەم ولاتەی ئێمە کە ئەو پارچۆکەی کوردستانی نیمچە ئازادە ی باشورە ، هەرچی دەم بکاتەوە لە زاناو نەزان گەورە و بچوک شارەزا و نە شارەزا کاربەدەست وبێکار سەری زمان و بنی زمانیان بە دوان لەسەر گەندەل وگەندەلی دەکرێتەوە وکۆتای دێت ، دەبێ ئەم وشەیە چی بێ خەلک ئەوەندە بۆی عەودالن وبەدەستیشیەوە عەودالن؟ دەبێ تاکەی دەستەو ئەژنۆ بەدیاریەوە بنالین وباجی کەمتەرخەمیەکەی بەشێکی زۆری لە میلەتەکەمان بیدات بەشەکەی تریشی بەدیاریەوە لو ش ئەدات ؟

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەم خەلکەی ئەمرۆی لەم دیاردەیە گلاوە دوێنی گەر هەموشی نەبێت بەلام بەشێکی زۆری کەسانی قارەمان وگیان لەسەردەستی میلەتەکەیان بون کەسانێک بون جێگەی متمانە وبروای گەلەکەیان بون ، پرسیار ئەوەیە ئەم وەرچەرخانە سەدو هەشتا پلەیە چۆن و بۆ رویدا ؟ دەردی ئەوەی سەرو بنی ووتاری مەلاکان گوتەنی . کاری باش بکە و لەکاری خەراپ وەدورکەون.ئەم ئامۆژگاریانە کەس نیە پێی ئاشنا نەبێ دەیان بگرە هەزارانجار گوێبیستی نەبوبێ ونەیزانێ بەلام ئەوەی کورتی بە مەسەلەکە دەهێنێ وگرفت پەیدادەکات پیادە کردنەکەیەتی ، کەواتە دیاردەی گەندەلی و سەرهەلدانی وگەشەکردنی لە پیادە نەکردنی رێنماو یاساکانیەتی پێویست بە گوتەو وەبیر هێنانەوە ناکات . بەلام دەبێ ئەمەش بپرسین کامە یاسا ؟ ئەو یاسایانەی کە لە سەردەمی بەعس دا دارێژراون و ئێستاکە بەهەمو هێزی خۆیەوە پەرلەمان ناتوانێ هەلیان وەشێنێتەوە ؟ هەروەکو ئەو بریارەی بەژمارەی 199 لە 2001 کە لە ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتیی شۆرشی سەردەمی سەدام دەرچو بو بەناوی (تەسحیح قومیە)تایبەت بو بە تەعریب کردنی کوردستان ، سەرەرای ئەوەی ماوەیەک بەر لەئێستا ئەنجومەنی نیشتمانی بەکۆی دەنگ هەلیان وەشاندبۆوە کەچی جێگری سەرۆک کۆمار تارق الهاشمی ئێستا رەتی دەکاتەوە.

من پێم وایە دوبارە دارشتنەوەی یاساکانی کۆمەلایەتی وکەسایەتی هەر لەشێوازی مافی کەسایەتی تا ئەرکەکانی تاکی کۆمەل بەشێک لە نادادپەروەری کە لایەکی جەستەی گەندەلیە دەگرێتەوە چارە دەکات ، نمونە وشێوازی یاساکان ئەوەندە نین کە لەتوانادابن بە چەند نوسینێکی ئاوەها شێوە هەمویان باس لێوە بکرێت بەلام وەکو نمونە وەرگرین :

دەکرێ سەرەتا یاسایەک بۆ بە کۆمپیوتەر کردنی هەمو کەسێک، کە لە ئەدرێسێکی تایبەت بەخۆی کەس نەتوانێ دوو ئەدرێسی هەبێ کەسیش نەتوانێ دوجار خۆی تۆمار بکات ، دواتر کەس بێ داهات نەبێ لە سەرتاپای ولات ،رێژەی کەمترین داهات بۆ هاولاتیان دیاری بکرێت ، کەس لەخۆیەوە وهەر بۆ هەوەست بێکار نەبێت ، داهاتی هەر کەسێک لە دەولەت شاراوە نەبێت ، بەم شێوەیە کەس ناتوانێ لەباج خۆی بدزێتەوە ، هەمو کەسێک بیمەی تەندروستیی هەبێت کەسێک کە لەپر دەولەمەند دەبێ، دەبێ لێپرسینەوەی لەگەلدا بکرێت ، سامان و سەروەتی کەس لای دەولەت شاراوە نەبێت واتە کۆمپیوتەر بکرێتە تاکەدەزگاو تۆمارکاری هەمو زانیاریەکانی تاک وکۆی هاولاتیان بە سەرمایەو چالاکیەکانیانەوە ، ئەمانەش سەرەتا بە وەدەکرێت کە شەقام وکۆلان ودەرگای مالەکان هەمو بە کۆدە بکرێن تا ناو و ژمارەکان لە سەرتاسەری ولات دوبارە نەبنەوە هەر کەسەو شوێنی نیشتەجێبونی دیار و تۆماردەبێ ئەدرێسەکەشی دیارە وداهاتو گۆرانکاریەکانیشی دیاردەبن بەم شێوەیە خەلک شەفافیەتی لای دەولەت وەدەست دەهێنێ لەهەمان کاتدا برواو راستگۆیش دروست دەبێ لە بەرامبەریشیەوە لەسەر دەولەتە بەهەمان شێوە لە کارو

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەرنامەکانیذا شەفافیەت بنوێنێ لە ئەنجام میلەت و دەولەت دەگەنە گرێبەست وئەنجام و رێککەوتنێک کە کەسیان زانیاری لەوی تریان نەشارێتەوە بۆ ئەوەی هەر یەکەو لە سەر بناغەی بەرنامەکانی ئەوی تر بەرنامەی داهاتوی خۆی دابرێژێ ، کاتێک کار وابەرێوەچو هەم بروابەیەک بون هەم دلنیابون و دلسۆزیش بەدی دێت لەکۆتاییشدا کامەرانی وبەختەوەریش بۆ هەردولا دێتە دی .

سەیرم لەوەدێت ئەگەر نەلێم گشت کاربەدەستان بەلام زۆربەی هەرەزۆریان لە دەسالێک کەمترنەژیاون لە دەرەوەی کوردستان ، بە سیستەمی ئەو ولاتانە ئاشنا بونە ولە نازو نیعمەتییشیان سودمەندبوین بەلام پیادە نەکردنیان بۆ؟ خۆلێدزینەوەیان لە پای چی ؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێ هەر خۆیان وەلامی بدەنەوە .

هۆلەندا 07-07-22

www.serben.com
khalidherki@chello.nl

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image